# بانگەواز

بۆ هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسی‌یە کوردستانی و ئێرانی‌یەکان
بۆ هەموو کۆڕو کۆمەڵە بەشەر دۆستەکان
بۆ هەموو کوردێکی مرۆڤ دۆست
لە بەرەبەری زستان و هاتنی سەرما و سۆڵ ، پەنابەرانی بێ پەنا لە شاری "وان"ی تورکیە بۆ ڕزگاری لەو وەزعە نالەبارەی کە نێزیک بە ۳ ساڵە تێیدا دەژین ، دەستیان داوەتە مانگرتن و زیاتر لە ۳ ڕۆژە کە نێزیک بە ۱۵ کەس دەمی خۆیان درووە و بۆ نارزایەتی دەربرین بەرامبەر بە بێ تەفاوەتی UNHCR بە چارە نووسی پەنابەران لە بەر دەرکی ئەم ڕێکخراوەیە دانیشتوون و مانیان گرتووە . لە نێو ئەو کەسانەی دەمیان درووە ئافرەتیش دەبیندرێ .
بە داخەوە ڕۆژی ۱-۱۱-۲۰۰۳ لە کاتێک دا پەنابەرانی مانگرتوو لە بەر دەرکی UNHCR لە شاری "وان" بە ئارامی دانیشتبوون ، پۆلیسی تورکیە هێرشی بردە سەر پەنابەران و بە باتووم دەستی کرد بە کوتان و بڵاوە پێ کردنیان و لە هەمان کاتدا لە نێو گریان و هاواری ژن و منداڵی پەنابەران دا زیاتر لە ۵۰ کەس گیراون و تا ئێستا کە ۲٤ سەعات لەو پەلامارە و گرتنە تێدەپەرێ ، گیراوەکان هیچ هەواڵێکیان نیە ، بە پێی ئەم ڕابردوویانەی پۆلیس و دەوڵەتی تورکیە هەیانە . دوور نییە ئەم پەنابەرانە دیپۆرت بکرێنەوە .
بۆیە داوا دەکەین هەرچی لە دەستان دێ بۆ ڕزگاری کردن لە دیپۆرتی پەنابەران و بۆ پشتیوانی کردن لە داخوازەکانیان کە بریتین لەم ۳ خاڵەی خوارەوە دریخی مەکەن .
۱- پێ ڕاگەیشتن بە کاری پەنابەران و کردنەوەی پەروەندەی ئەمنییەتی و دانی حەقی نیشتەجێ بوون بە شێوەی یاسایی
۲- دانی یارمەتی ماڵی و پزیشکی
۳- دیاری کردنی چارە نووسی پەنابەران و بەرێ کردنیان بۆ وڵاتی سێهەم

۲۰۰۳-۱۱-۲ وان - تورکیە پەنابەرانی بێ پەنا